

سەفین رەسول:

# لە کۆی ٥ هەزار وەرزشکار، پلەی یەکەمی ماراسۆنی نێودەوڵەتیم لە ئەڵمانیا بەدەست هێنا

سەفین رەسول یەکێکە لە یاریزانە کوردە بەتواناکانی کوردستان و عێراق لە یاریی ماراسۆن و یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوەوە و خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لە پاڵەوانێتییەکان، لە دوایین پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتێش لە وڵاتی ئەڵمانیا لە کۆی ٥ هەزار وەرزشکاری بەشداربوو توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە بەدەست بهێنێت تاکە کوردی پاڵەوانێتییەکە بوو، سەفین رەسول لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی حاجیاوەی سەر بە قەزای رانیەیەو دەرچووی پەیمانگای وەرزشییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.

دیمانە: کاروان کانەبی

*** چۆن بوو بەشداریت کرد لە ماراسۆنی نێودەوڵەتیی گولوسایم؟**

- لە ڕێگای ژمارەیەك كەســی نزیكــی خۆم توانیم داوەتنامەیەكی فەرمی وەربگرم بۆبەشــداری كردنم لە پاڵەوانێتییەكە، دوای هەوڵ و ماندووبوونێكی زۆر توانیم دەنــگ بگەیەنمە كاك مەســرور بارزانی جەنابیشــیان بەدڵێكی گەورە هاوكاریی كردم و توانیم بەشداری بكەم لەم پاڵەوانێتییە گەورە.

*** بۆچی تەنیا بەشــداری ماراسۆنە نێودەوڵەتییەكان دەكەیت و لە بەشدارییەكانی تر نات بینین؟**

- ئەگــەر ئێمە بتوانین داوەتنامــەی فەرمی بهێنین بەشــداریی پاڵەوانێتیی نێوپارێــگا دەكەین، بەڵام ئێمە دەوڵەت نین، بۆیە ناتوانین بەشــداریی پاڵەوانێتییەكانی ناو پارێگاش بكەین.

*** بۆچی تاكو ئێســتا لەگەڵ هیچ یانەیەك چ وەكو یاریزان چ وەكو ڕاهێنەر كار ناكەی؟**

- من وەكو یاریزانێك یاریم بۆ زۆرێك لە یانە گەورەكان كردووە وەكو(ئارارات-هەولێر-پێشــمەرگەی ســلێمانی — سیروانی نوێ- ئاڵا- پێشــمەرگەی هەولێر- كارەبا- سناعە)، بەڵام زۆر بەداخەوە ئێستا لە هەولێری پایتەخت هیچ یانەكانمان نییە كە تیپی گۆڕەپان و مەیدانی كوڕانی هەبێــت، زۆر بەداخەوە منیش ماڵم لــە هاوینەهەواری پیرمامــە و بۆ من تۆزێك زەحمەتە لە یانەیەكی دەرەوەی شــاری هەولێر بم ئەمەیە هۆكارەكــەی، نازانم بۆچی یانەكانی شــاری هەولێر بیر لە دروســت كردنی تیپی كوڕان ناكەنەوە، لە ســاڵانی ٢٠٠٨-٢٠٠٩شاری هەولێر یانەكانی هەولێرو ئارارات لە كوڕان و كچان پێشــەنگی كوردستان و عێراق بوون لەم یارییەدا.ئێستاش زووە بۆ من بیر لە كاری ڕاهێنەرایەتی بكەمەوە تازە لە ســەرەتامە وەكو یاریزان.

*** بە بۆچوونی تۆ چی بكرێت باشــە بە گرنگیدانی زیاتر بە یارییەكانی ماراسۆن؟**

- بەدڵنیاییەوە نە یاریی ماراسۆن بەڵكو هیچ لە یارییە تاكەكان بە تایبەت گۆڕەپان و مەیدانیش هیچ گرنگی لای هیچ بەرپرســێكی وەرزشی نییە، چونكە وەك ئێمە ماندوونەبوون تاكو گەیشتوونەتە ئەو پۆستە ئەوەش نازانن كە چەند ئێمە ماندوو بووینە و پشتگوێ خراوین.

*** هەســت ناكەی لە كوردســتان گرنگیی تەواو بە یارییەكانی ماراسۆن نادرێت؟**

- بەڵێ گرنگیدان بەم یارییە وەكو پێویســت نییە بۆیە یاریزانانی ئەم یارییەش بە ڕێژەیەكی زۆر نییە.

*** دەڵێــن وەزارەتی ڕۆشــنبیری و لیژنەی ئۆلۆمپی كوردســتان هاوكارییــان نەكردی ئەی كــێ هاوكاریی كردی؟**

- هیچ لەمانە هاوكارییان نەكــردم لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان گوتی من تەنیا دەتوانم پێنج سەد دۆلار سەرف بكەم.

*** بۆ ســاڵی داهاتوو دەڵێن بەرنامەت هەیە بەشداریی چەند پاڵەوانییەتییەك بكەی لەدەرەوە تا چەند ڕاستە؟**

- بەڵێ چەندیــن داوەتنامەیەكی فەرمیــم بۆهاتووە لەگەڵ خۆم هێناوتەوە لە چەند وڵاتێكی جیاجیا بەهیوام بتوانــن هاوكاریم بكــەن بۆئەوەی خزمەتــی زیاتر بەم وەرزشەو كوردستان بكەین.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

-بەرنامەم بەردەوامبوونە لە وەرزشــەكەم و تەواوكردنی خوێندنەكەم هەر لە بواری وەرزشی .

*** باشــترین ئەنجامەكانــت وەكو یاریــزان لە ژیانی وەرزشی خۆت؟**

- دەستكەوتی وەرزشیم زۆر لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق لە تەمەنە كورتە لە ســاڵی ٢٠٠٨دەستم پێكردووە و لە زۆربەی پاڵەوانێتییەكان ئەنجام وەكو پێویست بووە، لە ئاستی نێودەوڵەتیش ئەنجامم بەرچاو بووە.

*** ئاســتی ڕاگەیاندنەكان چــۆن دەبینی لە گرنگیــدان بە یارییەكان و جەنابیشــت كە ئەم ئەنجامە باشت بەدەست هێنا؟**

- گرنگیی باشــیان بەمن و وەرزشــكارانی تر داوە خۆم بە قەرزاریان دەزانم، بەڵام گلەییم لە هەندێــك دەزگای ڕاگەیاندن هەیە كە كەســێك لێدوان دەدات یان قسەیان بۆدەكات وەكو خۆی بلاو ناكەنەوە.

*** پەیامت چییە بۆ ئەو یانانەی كە ئەم یارییەیان نییە؟**

- پەیامی من بۆ ئەو یانانەی كە ئەم یارییانەیان نییە و هەوڵبدەن یارییەكە زیندووبكەنەوە، چونكە ئــەم یارییە دایكی گشــت یارییەكانــە داوا لە یانەكانی شــاری هەولێر دەكەم چاوێك بەم یارییەدا بخشێنەوە.



## پاستۆری رازی نییە

خافێر پاستۆری یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمان و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین خۆی ئامادە دەکات لە وەرزی زستانەی گواستنەوەی یاریزانان شاری پاریس بەجێبهێڵێت و روو لەخولی ئینگلتەرا بکات ئەگەر بێتو بە بەردەوامی فەرامۆش بکرێت لەلایەن راهێنەری یانەی پاریس سان جێرمان لۆران بلان و لەپێکهاتەی سەرەکیی یانەکەی یاری نەکات، رۆژنامەی ئەکسپرێسی بەریتانی ئەم هەواڵەی ئاشکرا کرد و رایگەیاند هەریەك لە یانەکانی چێلسی و ئەرسنال هەوڵی هێنانی پاستۆری دەدەن ئەگەر یاریزانی ناوبراو بڕیاری




## رامۆس هەڕەشەی

رۆژنامەی دیڤێنسا سەنترالی ئیسپانی پەردەی لەسەر کێشەیەکی دیکەی ناوماڵی یانەی ریال مەدرید لادا کاتێك راپۆرتێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بەبوونی کێشە و ناکۆکی نێوان یاریزان سێرجیۆ رامۆس و سەرۆکی یانە فلۆرەنتینۆ پیریز، رۆژنامەکە کە زۆر نزیکە لە هەواڵەکانی یانەی شاهانە دووپاتیکردەوە کەهۆکاری کێشەکە لە داواکارییەکی یاریزان رامۆسە کە داوای زیاد کردنی مووچەکەی دەکات بەڵام پیریز ئەم داواکارییەی لە

## ـــــــــه فەرامۆش بكرێت

رۆیشتن بدات.
دیڤی جونال بەرێوەبەری وەرزشـــیی پێشووی یانەی پاریس ســـان جێرمان بە رۆژنامەی ئەكسپرێسی راگەیاندووە زۆر زەحمەتە پاستۆری لە یانەی پاریس سان جێرمان تا كۆتایی ئەم وەرزە بەردەوام بێت ئەگەر لە هێڵی یەدەگی یانەكەی بمێنێتەوە و راهێنەر لۆران بلان فەرامۆشـــی بكات و یاری پێنەكات، جۆنال ئەوەشـــی راگەیاند پاســـتۆری لەسەری ســـاڵی داهاتوو روو لەخولی ئینگلتەرا دەكات ئەگەر راهێنەر لۆران بلان بەم شـــێوەی ئێستا مامەڵەی لەگەڵ بكات و لەپێكهاتەی سەرەكی دووری بخاتەوە.
شـــایانی باسە یاریزان پاستۆری لە هاوینی ســـاڵی ٢٠١١ لە یانەی پالێرمۆی ئیتالی پەیوەندی بەیانەی پاریس سان جێرمان كردووە بە بڕی ٣٢ ملیۆن یۆرۆ .

## پۆگبا ئامادەیە وەک گۆڵچیش لە یانەی یۆڤانتس یاری بکات




یاریزانی لاوی هەڵبژاردەی فەرەنســـا و یانەی یۆڤانتسی ئیتالی بۆل پۆگبا خۆشـــحاڵیی خۆی دەربڕی بەتۆماركردنی گۆڵی سەركەوتن بۆ یانەكەی لەیاری دێربی شـــاری تۆرینۆ لـــە نێوان هەردوو یانەی یۆڤانتس و تۆرینۆ كە بەگۆڵەكەی ئەو یانەكەی سەركەوتنی بەدەست هێنا، هەروەها پۆگبا ئامادەیی خۆی نیشاندا وەك گۆڵچیش لەیانەی خانمە پیرەكە یاری بكات ئەگەر راهێنەر ئەنتۆنیۆ كۆنتی ئەو داوایەی لێبكات.
پۆگبـــا لە لێدوانێكیـــدا گوتی : یارییەكەی تۆرینـــۆ زۆر زەحمەت بـــوو، چونكە ئەوان بەدە یاریزان بەرگرییان دەكرد، من خۆشـــحاڵم بە تۆماركردنی گۆڵی سەركەوتن لەم یاریە زەحمەتەدا، بەڵام ئەوە یاریی تۆپـــی پێیە و تیپەكە پێكەوە هۆكاری ســـەركەوتن و بەدەســـتهێنانی ســـێ خاڵی یاریەكە بوون . سەبارەت بە بەشـــداریكردنی لە زۆربەی یارییەكانی یانەی یۆڤانتس وەك یاریزانێكی سەرەكی پۆگبا گوتی : من هەردەم هەوڵ دەدەم ئەركەكانی خۆم كەراهێنەر كۆنتی بۆم دیاری دەكات جێبەجێی بكەم، من لەو شـــوێنە یاری دەكەم كە راهێنەر داوام لێدەكات، چ لە هێڵی ناوەڕاست یان لە باڵەكان یان لە هێڵی بەرگری، مـــن ئامادەم وەك گۆڵچیش یاریی بكـــەم ئەگەر راهێنەر ئەو داوایەم لێبكات .



## رۆیشتن لە یانەی شاهانە دەکات

بنەڕەتـــەوە رەتكردۆتەوە . رۆژنامەكە ئەوەشـــی راگەیاند هاتنی یاریزانی وێلزی گاریس بیل بەمووچەیەكی بەرزەوە و درێژكردنەوەی بۆندی ئەســـتێرەی پورتوگالی كریســـتیانۆ رۆنالدۆ بەمووچەی ١٧ ملیۆن یۆرۆ هۆكاری سەرەكی داواكارییەكەی سێرجیۆ رامۆس بەزیادكردنی مووچەكەی هاوشـــێوەی ئەم یاریزانانە، بەڵام ئـــەم داواكارییە لەلایەن ســـەرۆكی یانەوە رەتكرایەوە هەربۆیە رامۆس هەڕەشـــەی رۆیشـــتن لە یانەی ریال مەدرید دەكات بەپێی سەرچاوەكانی رۆژنامەكە . جێگای ئاماژە پێكردنە ئەوە جاری یەكەم نییە پیریز كێشەی هەبێت لەگەڵ یاریزانەكان و پێشتریش كێشەی هەبووە لەگەڵ ئیكەر كاسیاس بەهۆی دوورخستنەوەی لە پێكهاتەی سەرەكیی یانەی ریال مەدرید، هەمان رۆژنامە ئەوەی راگەیاندووە كەبریكاری كاسیاس پەیوەندی بەیانەی میلانی ئیتالی كردووە وەك سەرەتایەك بۆ رۆیشتنی كاسیاس بەرەو خولی ئیتالیا .



## بایەرن میونیخ داوای سوارێز و كۆتینهۆ دەكات

راپۆرتـــە هەواڵەكانی وڵاتـــی ئەڵمانیا رایانگەیانـــد یانـــەی بایـــەرن میونیخ پاڵەوانـــی خـــول و جامـــی ئەڵمانیا و پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا لە وەرزی رابـــردوو خۆی ئامادە دەكات بڕی ٧٥ ملیۆن یۆرۆ پێشكەش بەیانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی بكات بۆ كڕینەوەی هـــەردوو یاریزانـــی ئۆروگوایی لویس ســـوارێز و یاریزانی بەرازیلی كۆتینهۆ لـــە وەرزی گواســـتنەوەی زســـتانەدا، راپۆرتەكان ئاماژەیان بـــەوەدا كەیانەی بایەرن میونیخ دەیەوێـــت پارێزگاری لە نازناوەكانـــی وەرزی رابردوو بكات، ئەم كارەش نایەتـــە دی ئەگەر یانەی بایەرن میونیخ خـــاوەن كۆمەڵێك یاریزان نەبێت كە بتوانن شوێنی یاریزانە سەرەكییەكان بگرنـــەوە بەهەمان توانـــا و لێهاتوویی، ئەم دوو یاریزانـــەش دەتوانن بەهێزی بە یانەكەی هەرێمی بەڤاریا ببەخشن .
یاریزان ســـوارێز لەیەكەم یاری لەدوای گەڕانەوەی لەســـزای راگرتن بەرامبەر یانەی سەندەرلاند یاری كرد و توانی دوو گۆڵ بۆ یانـــەی لیڤەرپول تۆمار بكات كە یارییەكە لـــە بەرژەوەندی یانەكەی بە كۆتاهـــات بەئەنجامی ســـێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك .



## دەرگای گواستنەوەی یاریزانان لە عێراق دەستی پێکرد...

# کڕین و فرۆشتنی یاریزانی عێراقی لە خـ

■

**دوای تەواوبوونی یارییەکانی وەرزی رابردووی خولی عێراق، کە بە خولی چوار وەرز ناسرابوو، یەکێتیی تۆپی پێی عێراق دەرگای گواستنەوەی یاریزانانی کردەوە بۆ ئەوەی یانەکان پێکهاتەی خۆیان بەهێز بکەن و گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێک مۆربکەن و لەم وەرزەدا گەرم و گوڕییەکی زۆر بە گواستنەوەی یاریزانان دیارە.**

### نرخی یاریزانی عێراق لە پیشەگەر گرانترە

ئێستا نرخی یاریزانی عێراقی لە خولی عێراق تا رادەیەك بەرزبێتەوە، کە زۆربەی یانەکان لە توانایان نییە یاریزانی ئاست بەرز بکڕن تا رادەیەك، کە زۆربەی یانەکان هەوڵ دەدەن چوار یاریزانی ئاستی بەرزی پیشەگەر بهێننە تیپەکانیان، کە نرخی هەرچوار یاریزان نابێتە نرخی یاریزانێك یاخود دوو یاریزانی عێراقی، هەندێك یانە نیگەرانیی خۆیان لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی یاریزانەکان دەربڕیوە و هۆکارەکەشی دەخنە پاڵ ئەو یانانەی، کە سەر بە وەزارەتەکانن.

### هەولێر پارێزگاریی لە تیپەکەی کرد

دوای ئەوەی یانەی هەولێر توانی پلەی دووەمی خولی بژاردەی عێراق بە دەستبهێنێت بەشداریی لە جامی یەکێتیی ئاسیا بکات، دەستەی کارگێڕیی یانەکە هەنگاوێکی زیرەکانەی هاویشت، کاتێك گرێبەستی زۆربەی یاریزانەکانی یانەکەی نوێکردەوە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێدا هەر لە هەولێر یاری بکەن.

سەرەتا گرێبەستیان لەگەڵ ڕاهێنەر ئەیوب ئۆدیشۆ مۆرکرد دواتر سەعدی تۆما وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر دەستنیشان کرا و جەلیل زیدان وەکو ڕاهێنەری گۆڵچی پاشان گرێبەستی هەریەکە لە یاریزانان (سەرهەنگ موحسین، نەریمان خدر، دلێر حاتەم، هەردی سیامەند، کۆسرەت بابیز، میران خەسرۆ، میران کەریم، بارزان شێرزاد، سیروان خدر، دڵدار خدر، هەڵگورد مەلا محەمەد، هاوار مەلا محەمەد، جەلال حەسەن، سەعد عەبدولئەمیر، ئەمجەد رازی، لوئەی سەلاح، نەبیل سەباح، عەلی فائز، جەواد کازم، نەدیم سەباغ) نوێکردەوە و بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەکە لە یاریزانان (هونەر ئەحمەد (یانەی شێروانە)، فەرحان شکور (یانەی سلێمانی)، بورهان جومعە (یانەی سەورە)، سەیف سەلمان (یانەی دهۆك)، موسەنا خالید (یانەی قوە جەوییە)، پیشەگەری سوری بورهان صەهیۆنی (یانەی دهۆك) مۆرکرد و چاوەڕوان دەکرێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەفەرمی گرێبەست لەگەڵ دوو یاریزانی پیشەگەر مۆربکرێت.

هەریەکە لە یاریزانان (عەمار عەبدولحوسێن (یانەی شورتە)، حاتم زێدان بەشێوەی خواستن (یانەی زاخۆ)، مستەفا محەمەد، ئەلیکساندر کۆسۆریچ) لەگەڵ یانەکە جیابوونەوە.




# ـــولی عێراق گرانترە لە یاریزانی پیشەگەر

ڕێبین ڕەمزی

**دهۆك (٨٠٪) تیپەكەی گۆڕی**

دەســـتەی كارگێڕیی دهۆك یەكەم بڕیاری لەگەڵ تەواوبوونی یارییەكانی خولی بژاردەی عێراق متمانە نوێكردنەوە بوو
بە دەستەی ڕاهێنەرانی یانەكە پاشان بڕیاری دا لە (٨٠٪) تیپەكە بگۆڕێت.
دوای ئەوەی دەســـتەی كارگێڕیی یانەی دهۆك لەگەڵ ڕاهێنەری گۆڵچی یانەكە كاوە ئیبراهیم لەســـەر بڕی پارە ڕێك
نەكەوتن بەفەرمی یانەكە گرێبەســـتی لەگەڵ ڕاهێنەر عیماد هاشم مۆركرد بۆ ئەوەی ببێتە ڕاهێنەری گۆڵچی یانەكە
دواتر گرێبەســـتی لەگەڵ هەریەكە لە یاریزانان (عەمار عەلـــی (یانەی زەورا)، ئاوس ئیبراهیم (یانەی زەورا)، عەباس
ڕەحیمە (یانەی تەڵەبە)، ڕافائێل ئۆدادا (یانەی نەجەف)، محەمەد دعبس (یانەی زەورا)، ئەحمەد زەیغم، ماسیو ئەمبۆتا
)مۆركرد و گرێبەستی هەریەكە لە یاریزانان (بەیار ئەبو بەكر، ئوسامە عەلی، موهەند عەبدولڕەحیم، عەلا عەبدولزەهرە،
ئـــازاد ئەحمەد، عودی تاڵیـــب، ئەیوب ئەیاد) نوێكردەوە و بەفەرمی هەریەكە لە یاریزانان (بورهان صەهیۆنی، ئۆلیڤێرا،
عەلی زیاب، عەلا گاتع، سەیف سەلمان، عەدنان عەتیە، عەلی بهجت، ئەحمەد جەبار، خالید موشیر، ساڵح سدیر، حەسەن
زەبون، جاسم حاجی، فەیسەڵ جاسم، ویسام زەكی )یانەكەیان جێهێشت.

**زاخۆ و بەردەوامی لە نوێكاری**

دەستەی كارگێڕیی یانەی زاخۆ بە پێی توانا هەوڵی دا پارێزگاری لە تیپەكەی بكات و ڕێگە نەدات یاریزانەكانی ڕوو لە
یانەكانی تر بكەن، هەروەها چەند یاریزانێكی نوێ بهێنێتە ڕیزی تیپەكە، سەرەتا بەفەرمی متمانە بە دەستەی كارگێڕیی
یانەكە نوێكرایەوە دواتر گرێبەستی هەریەكە لە یاریزانان (عەلا شبلی، یونس شكور، ڕێبەر محەمەد، حەمید ئیسماعیل،
مەسرور ڕەزوان) نوێكردەوە و بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەكە لە یاریزانان (حاتم عەلی (یانەی سلێمانی)، كامەران
عەلی (یانەی ســـلێمانی)، ئوســـامە عەبدولكەریم (یانەی نەفت)، جابر شـــاكر (كەربلا)، حاتم زێدان(بەشێوەی خواستن
هەولێر)، جاســـم حاجی(دهۆك)، خالید موشیر (دهۆك)، سالح ســـەدیر(دهۆك)، عەلی حەسەن كەمال (خور قەتەری)،
حەســـەن زەبون(دهـــۆك) مۆركرد و هەریەكە لە یاریزانان (فراس ئیســـماعیل، ئەیاد خەلەف، مخەلەد عەلی، ســـەعید
موحســـین) گرێبەســـتیان لەگەڵ نوێنەكرایەوە، چاوەڕوان دەكرێت لە ڕۆژانی داهاتوو گرێبەست لەگەل چەند یاریزانێكی
پیشەگەر لە وڵاتانی هیندۆراس و سلڤادۆر و بەرازیل مۆر بكەن.
لە ژمارەكانی داهاتوو هەوڵی دەدەین تازەترین گرێبەســـتەكانی ئەم وەرزە بڵاوبكەینەوە بە تایبەتی گرێبەســـتی یانەكە
كوردستانیەكان.